# بە چاودێری سەرەکی فەرماندە صدام حسین





## یەکەم کۆنگرەی ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵە زانستی یەکان

## لێکۆڵینەوەی زانستی لە ژێر دروشمی «زانست و جەنگ» دا

**بە چاودێری بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٩٨٥/٥/١١ لە هۆڵی « کۆشـــــکی کۆنگرە » یەکەم کۆنگرەی ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵە زانستی‌یەکان ، لە ژێر دروشمی « زانستو جەنگ » کرایەوە .**

**لە جیاتی سەرەك صدام حسین بەرێز طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شـــۆڕش جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران ئەم کۆنگرەیەی کردەوە .**

دوای پێشکەش‌کردنی سڵاوی کۆمـــاری‌و خوێندنی چەند ئابەتێکی قورئانی پیرۆز ئامادەبووان دقیقەیەك راوەستان بۆ رێزی گیانی شـــەهیدانی جەنگی پیرۆز جەنگی قادسیەی صـــدام . ئینجا نوێنەری سەرەك بەرێز طـە یاســین رمضـان وتەیەکی خوێندەوەو وتی بابەخ‌دانی عەرەب هـەر

مرۆڤی عەرەبی هەوڵی بۆ دەدات یەکەم هەنگاوەکانی ناتوانی بنێت لە رێگای زانستو پێویســـتی پێشکەوتوەکانی ژیانەوە نەبێ کە یارمەتی ئێســـتاو داهاتووی مرۆڤ دەدات .. ئەقڵی عەرەبیش کـە توانایەکی تایبەتی پیشان دەدات بۆ بەکـارهێنـانی تەکنەلۆژیا لەم سەردەمەدا ئەمەی لەو ئەقڵەوە بـۆ بەجێ‌ماوە کە توانی شارستانیەتی نیل‌و رافـدین دابنێ .

هەروەها وتی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بە سەرکردایەتی سەرەك صدام حســـین خودا بیپارێزی زۆر بە گرنگی مەئسـەلەی پـەرەپیـدانی زانستی‌و تەکنەلۆژی‌یان لە عیراقدا گرتووەو چ بـە پێشخستنی ئامێری لێکۆڵینەوەی تەکنـــەلۆژی‌و پەرەپیدانی زانکۆکان یان دامەزراندنی ئامۆژکـاری‌یە هونەری‌یەکان بو ئامـادەکردنی کـادیـری تـەواو پێویستی‌یەکانیان بەم جۆرە زانســت لـە دوای شۆڕش ١٧ ـ ٣٠ تەمووزەوە بوو بـە هۆیـەکی

---

بە بۆنەی لە دایکبوونی سـەرکردەوە

## ئاهەنگێکی

## جەماوەری

## گەورە لە سلێمانی

**لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌ی پێشکەوتوو لـە پارێزگای سلێمانی ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەری ساز کرد بە بۆنەی یادی لە دایکبوونـی سەرکردەی فەرماندە صـدام حسین‌ەوە .**

بەرێز عزیز خۆشـــناو ئەندامی لیژنەی ناوەنـدی پارتی دیموکراتی کوردســتان بەرپرسیاری لقی حزب لـــە سلێمانی وتارێکی لـــە ئاهەنگەکەدا خوێندەوەو تیایا ستایشی ئەو باری ڕاپەڕینەی کرد کە وڵاتی تێکۆشەرمانـی تێدا دەژی بە ســـایەی سەرکردایەتی‌یە بێ وێنەکەی سەرەکی فەرماندە صـــدام حسین‌و سـەرکەوتنەکانـی هێزە چەکدارەکانمان .

---

**لە بەردەم ئەندامانـــــی ئەنجومەنی نیشتمانیدا :**

## وەزیری پیشەسازیی سووکەڵە ڕەوتی

## پێشکەوتنی پیشەسـازی نیشـتمانی دەردەخا



**لەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی نیشـــتمانی کۆبوونەوەکانی دەست پـــێ کردەوەومیوانداری‌ی بەرێـز وەزیری پیشەسازی‌ی سووکی کـردبۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی بـــۆ پێشکەش بکا لە بـــارەی‌سەرجەمی چالاکـــی‌و نەخشەکانی وەزارەت لـــە‌چوارچێوەی ئەو نەخشەیەدا کە ئەنجومەن لە خـــولی‌یەکەمیەوە دەستی داوەتێ بۆ میوانداری‌ی وەزیرەکان بـۆئەوەی لە بارەی تێکـــرای کاروباری وەزارەتەکانیانەوەبۆ ئەنجومەن بدوون .**

بەرێز طارق حمد العبدالله وەزیری پیشـــــــەسازی‌ی ســـــووکەڵە ئاسۆی گۆڕانو بـــــەرەو پێش‌چوونی کاروبـــارو چـالاکی‌یەکانـی وەزارەت‌و نەخشـەکانی بۆ ئەندامانـــی ئەنجومەن ڕوون کردەوە کـە وەزارەتەکەی دەستی داوەتێ بۆ پتەوکردن‌و بەرەوپێشـــبردنی ئابووری‌ی نیشتمانی .

بە شێوەیەکی دوورو درێز ئەنجومەن گوێی لەوە گرت کە وەزیری بەرێز لە بـارەی دیارترین لاکانی جـــۆرو چاککردنی بەرهەم پێشکەشی کـــردو لـــە سەرەتای کۆبوونەکەوە وەزیری بەرێـز سروشـــتی پرۆسێسێکی ئەوەی دووپات کردەوە کـە پرۆسێسی پیشەسازی لـــە کۆمەڵی‌یەو چین لە سەر چین کۆ دەبێتەوەو بەردەوامیشەو ئێمە لە وەزارەتی پیشـــە‌سازی‌ی سووکدا لــــە

## کۆبوونـەوەی سـێیەمی ئەنجوومەنـی

Institut Kurde de Paris

